# سەماحەتی حەکیم چاوی بە دکتەر فەرحان دلیمی دەکەوێت




بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەنجوومەنی حیکمە نیشتمانی چاو بە دکتەر عەلی فەرحان ئەلدلیمی سەرۆکی فەاکسیۆنی ئیستقرار لە ئەنجوومەنی پارێزگای ئەنبار و شاندی یاوەری کەوت، لەم دیدارەدا سەماحەتی گوێبیستی دید و بۆچوونیان لەسەر داهاتووی پارێزگاکە و تازەترین دۆخ و پێشهاتی سیاسی و خزمەتگوزاری لە شارەکە بوو.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە تەواوکردنی ئەو پرۆژانەی بەشێوەیەکی باش تەواو کراون گرنگە و پێویستە سوود لە ئەزموون و تاقیکردنەوەی حکومەتەکانی پێشوو وەربگیرێت، ڕوونیشی کردەوە کە گرنگە پارێزگاری لە سەقامگیری بەدیهاتووی ئەستا بکەین و هەوە بدەین بە ئەوەی بیگەیەنین بە سەقامگیرییەکی بەردەوام، هەروەها ئاماژەی کرد کە هاوسەنگی دەبێتە هۆی سەقامگیری و خزمەتگوزاری و گەشەپێدان لەگەڵ خۆی دەهێنێت، ئەوەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی جەماوەر ڕازامەندی پیشان بدات.